## بەشی دووهەم

**مەریوان هەڵە بجەیی :**

**سەدان ساڵە ژنان کوشتوبڕ دەکرێن و پرۆسەی ئەم دیاردەیەش پەیوەندی بەیەکێتیو پارتییەوە نییە, ئەگەر یاساکانی دژ بەژنانیش بگۆڕدرێن و هەرچی هێزو توانای حزبە عەلمانییەکانی کوردستان هەیە بۆ ئەم گۆڕانە ببنە هاوپشت بەهۆی غایب بوونی دیموکراسی راستەقینەو هەبوونی ئیسلامی و ڕێژە زۆری مزگەوتەوە بەبەردەوامی ژنان سەردەبڕدرێن!!**




**کاریکاتێری سەردار عەبدوڵڵا**

# پێشەکییەکی زۆر کورتی پێویست

ئەم چاوپێکەتنەی ئێستا بەڕێزتان دەیخوێننەوە پێشوەخت لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوکراوەتەوە. بەڵام بەداخەوە ستافی (هاوڵاتی) بە دەستکارییەوە بڵاویان کردۆتەوە. بابەتەکە دەبوو لە چوار هەفتەدا بڵاو بکرایەتەوە, چونکە درێژ بووەو ئەوەی دەخواست. لەیەکەم بەشیشدا کە لە ژمارە 291 لاپەڕە 14 بەرواری 2006/9/13 چوارشەممە بڵاوکراوەتەوە نوسراوە ئەم چاوپێکەوتنە سێ بەشە, بەڵام لە هەفتەی ئایندەیداو لە ژمارە 292دا دەڵێ ئەمە بەشی دووهەمەو کۆتاییەتی.

پاش وردبوونەوە بۆم دەرکەوت ڕۆژنامەی هاوڵاتی سەرجەم دیمانەکەی شێواندووە. لە ناوەڕۆکی نوسینەکەی دەرهێناوەو پرسیارو وەڵامیشی تێدا بووە هەر بڵاوی نەکردووەتەوە. ئەخلاقی ڕۆژنامەگەریش ئەوە دەخوازێت کە ڕۆژنامەی هاوڵاتی پێش ئەوەی بابەتەکە بڵاو بکاتەوە پرس و رایەکی منی وەرگرتایەو ڕەزامەندی وەربگرتایە ئەوجا مافی خۆی بوو بڵاوی بکردایەتەوە یان..نا.

لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەی ناوبراو ئەم کارەی نەکردووەو سەربەخۆو لە خۆوە بابەتەکەی دەستکاری کردووەو منیش لەو گۆڕانکارییە بێئاگام, بۆ هەموو لایەك رایدەگەیەنم کە ئەو چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ژمارە 291 و 292 لاپەڕە 14 بڵاویکردووەتەوەو ناوی من و مەریوان هەڵەبجەیی لەسەرە. بە کەموکوڕی دەدەینە قەڵەمو راو بۆچوونەکانی ئێمەی لە خۆ نەگرتووە بۆیە جارێکی تر لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە.

گۆران هەڵەبجەیی

# پێشەکی دیمانەکە

نووسەرێک لە ئەمریکا لەوتارێکیدا مەریوان هەڵەبجەیی شوبهاندبوو بە(سەلمان روشدی کورد) کەبەهۆی دووا کتێبیەوە [سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا] هەرایەکی مەزنی لە نێوەندە ئیسلامیەکانی کوردستاندا نایەوە، هاوکات مشتوومڕێکی گەرمیشی لە نێو ڕووناکبیراندا هێنایە ئاراوە، چ ئەوانەی هاوفکری بوون چ ئەوانەی دژی وەستانەوە، دۆخەکە بەوە گەیشت لەلایەن ڕەوتە ئیسلامیەکانەوە هەڕەشەی مەرگی لێبکرێت و خۆپیشاندانیش دژی ئەنجام بدرێت. لەلایەکی دیکەوە چەندین کەمپینی داکۆکی و قەڵەمی ئازادیخوازیش پشتگیریان لە مەریوان هەڵەبجەیی کرد. ئێستا ئەو بۆ پاراستنی ژیانی خۆی لە هەندەران دەژی، دوورکەوتنەوە لە وڵات نەبووە هۆی کەوتنی قەڵەمەکەی بەڵکو لەسەر ئینتەرنێت چەندین کۆڕی گرتووەو ئێستا سەرقاڵی پڕۆژەیەکی نوێیە لەهەمان بواردا. بۆ تیشک خستنەسەر ڕەهەندەکانی ئەو تەنگەژەیەو شرۆفەکردنی هەندێک لایەنی دیکەو خوێندنەوەی خودی مەریوان بۆ پێگەو ڕەخنەی لە ئیسلام و ڕەوتەکانیان لەکوردستانداو قسەکردن لەمەر پڕۆژە نوێکەی ئەم دیمانەیەکمان لەگەڵ سازکردو یەکسەر چووینە ناو پرسیارەکانەوە.. بەڵام لەبەر زۆری بابەتەکە بە چەند بەشێك بڵاوی دەکەینەوە

## بەشی دووهەم

**گۆران هەڵەبجەیی :** ئایا خیتابی دەسەڵاتی کوردی جۆرە ئاوێتەیەکی نییە لەنێوان عەلمانییەتو ئاییندا کەهەندێك جار جیاکردنەوەی هێڵەکان ئاستەنگ بێت؟؟ بۆ نموونە دەسەڵاتی کوردی بێدەسەڵاتی خۆی لەئاست کێشەکەی تۆدا نیشاندا ئیتر چ ئومێدێك دەمێنێ کەئیدیعای عەلمانییەت دەکات هاوکات توانای پاراستنی فەزای پێشڤەچوونی مەعریفیو عەلمانییەتی نییە؟! پێت وانییە لەئاست مەسەلەکەی تۆدا جۆرە تەنازولێکی بۆ رەوتە ئیسلامییەکان کردبێت؟

**مەریوان هەڵەبجەیی :** سەرەتا حەز دەکەم ئەوە بڵێم حزبەکانی کوردستان لەواقعدا بەرەو عەلمانییەت هەنگاویان ناوە ئەمەش قسەی زۆری لەسەرە, بۆ پرسیارەکەشت لەناوەرۆکدا خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە.. لەراستیدا هەرکام لەبەرنامەی حزبە غەیرە ئیسلامییەکانی کوردستان بگریت نزیكو دوور نەیانویستووە ئاوێتەبوون لەنێوان خۆیانو ئایینو ئایینزاکاندا دروست بکەن, بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە ناچاریان دەکات مل بۆ ئەو واقیعە کەچ بکەن, **کۆمەڵگا ئایینپەروەرەکان بەفکرو مەعریفە شوێنکەوتەی ئایینەکان نەبوون تالەرێگەی دیالۆکەوەو لەگەڵ تێپەڕبوونی قۆناغە یەك لەدوا یەکەکانی شارستانییەتو پەیڕەوو پرۆگرامی حزبو یاسا زەمەنییەکان واقعییەتیان بگۆڕدرێت**, هەموو ئاکارو رەفتاریان بەویراسەو کلتورێکی دێرینەوە پەیوەستەو هەموو کاتێکیش دەیانەوێت هەمان رووکار لەبەرامبەردا ببیننەوە, لەبری ئەوە دابونەرێتێکی مەحکەمیان لەناو پێگەی کۆمەڵگادا داچەقاندووەو کلتورو شارستانییەتی کۆنی ئایین لەناو کۆمەڵگاکەماندا رەگی داکوتاوەو پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بەدەوروبەری خۆیانەوە بۆ مێژوو هەیە.. لەئێستادا هێزو شێوازی سیاسی ئیسلامی لەجیهاندا لەکامڵترین تۆتالیتارێتیدایە, گروپە ئیسلامییەکانی ناوەوەی کوردستانیش بێشەرمن لەدرکاندنی ئەم راستیانەو تێزو حزبی کوردیش بەتایبەت حزبە مۆدێرنە دیموکراتیخوازەکان ئەم واقیعە باش دەبینن, گەرچی جار جار

ناچاردەکرێن‌و شەڕی کلتوری رزیو دەکەن بەڵام **هەڵەی گەورەی ئەو حزبانە لەم ئاویێتە بوونەدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت لەبەرامبەر شەڕکردنیان بەئیسلامییەکان مزگەوتیش دروست دەکەن**, لەئیسلامییەکان زیاتر کار بۆ بوژاندنەوەی پێگە ئاینییەکان دەکەن, یاری بەرەسمییەتی جەژنەکان دەکەن, مەولونامە بەرز دەنرخێنن‌و کەسایەتی گەورەیان بەشداریان تێدا دەکات, یەکێتی زانایان دروست دەکەن‌و قورسایی بەقسەیان دەدەن, بەراورد بەدروستکردنی بیناکان مزگەوتمان زیاترە لەنەخۆشخانە, سەرەتای کردنەوەی تی ڤی‌و رادیۆکانیان بەدروشمی ئاینی دەستپێدەکات, تەکیەو کورسی پیاوماقولان لەبەڕێوەبەری قوتابخانەکان زیاترن, **لە کوردستاندا ئەو رێزەی لەسەرۆك عەشیرەتەکان دەگیرێ‌و ئەو پارەیەی بۆ بوژاندنەوەی پیاو سالاری سەرف دەکرێت بۆ رێکخراوەکانی ژنان سەرف نابن, سەرۆك عەشرەت لەسەرۆك رێکخراوێکی فەرهەنگی موحتەرەمترە**, ئەوەی لەمانگی رەمەزاندا تەلەفزیۆن‌و رادیۆ عەلمانییەکان دەیکەن خودی ئیسلامییەکان توانای کردنیان نییە, کارێکیان کردووە بەپێچەوانەی ئەوەی خەڵك لەئاین دووربخەنەوە بەرەو ئیسلامەتییان رادەکێشن‌و دەرئەنجامیش ژمارەی حزبە ئیسلامییەکان زیاترە لەژمارەی کتێبخانەکان..!! ژمارەی ئەوانەی خۆیان دەتەقێننەوە زیاترە لەرۆشنبیرەکان, هەبوونی ئیسلامییەکان لەرێکخراوە پیشەیی‌و مەدەنیی‌و دیموکراتییەکاندا بۆتە مایەی مەترسی لەسەر دۆزی پەروەردەی دیموکراتی‌و بیر لەچارەسەرکردنی ناکەنەوە..! هەنگاو نانێن بۆ ئەوەی رێژەو ژمارەی نەخۆشخانەو قوتابخانەو کتێبخانەکان لەژمارەی مزگەوت‌و تەکییەکان زیاتر بێت. ئەمان هاتوون قورسایی زیاتریان لەسەر رێکخراوە پیشەیی‌و رۆشنبیرییەکانە کەلەسەدا نەوەدو نۆیان تەپیون نەك پوکانەوەی پێکهاتە دێرینەکانی کۆمەڵگا.. ئەمەش هێجگار هەڵەیەکی گەورەیە چونکە رێکخراوەکان موخاتەبەی نوخبە دەکەن نەك بیرکردنەوەی گشتی, چونکە **ئێستا لەتەواوی کوردستاندا رێکخراوێکی جددی نابینین کار بۆ**

بینینی ئەو واقیعە بکات کەکۆمەڵگا تێیدا دەژی! ئەمە هێجگار نامۆیە بەفکرو چەمکی یاسای کۆن و نوێی دەوڵەتە پێشکەوتووخوازەکان, بەو دەلیلەی تا ئێستا تێزی حزبە کوردییەکان ئەو ئامادەییەیان لەلای ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە دروست نەکردووە تاهەنگاوی لەو شێوەیە بنێن, من گومانم لەسەرکەوتنی ئەم کارە نییە بەڵام گومانم هەیە لەوەی لەم ساتە وەختەدا ئامادەییەکان هەبن. چونکە بەڵگەکان لەبەر دەستدان و مەلا بەشیرو مەلا بەشیرەکان لەکوردستاندا قیژەی قیژی کۆنەپەرستییانەو درۆو بوختانی نابەجێو خورافە بڵاودەکەنەوە کەچی تەلەفزیۆنی کوردستان تی ڤی بۆ ماوەی بیستوچوار سەعات لەسەر رەخنەیەکی راستی و زانستی حەمە سەعید حەسەن داخراوە.

تێبینییەکی وردم هەیە, ئەویش ئەوەیە, بەدحاڵیبوونێکی زۆر گەورە هەیە کەگۆڕینی واقعیەتی تێزی کۆنپارێزیو پیاوسالاری بەسیاسەتی حزبەکان بسپێرین..!! مەنهەجییەتی حزب دەلالاتی خۆی هەیەو گۆڕینی کۆمەڵگای کۆنەپەرست بۆ دونیای هاوچەرخ و مۆدێرن پەیوەندی بەپرۆسەی پەروەردەوە هەیە, پەروەردەی کۆمەڵگاش پەیوەندی بەحزبەوە نییە, حزب یەکێکە لەوەسیلەکان نەك شتەکان. دیموکراتی بەپەروەردە دەگۆڕدرێت چونکە دیموکراتی لەئەنجامی پەروەردەوە بەرهەم دێت و خودی دیموکراتی یانی پەروەردەکردن ئینجا مومارەسەکردن. باپرسیارێك بکەین, زیاتر لەهەزارو چوارسەد ساڵە لەکۆمەڵگاکەی خۆمان و کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا شەرەف لەناوگەڵی ژناندا دەبینرێت, ئەمە چ پەیوەندییەکی بەحزبەوە هەیە.؟؟ زیاتر لەهەزارو چوارسەد ساڵە ژن سەردەبڕدرێت, چ پەیوەندییەکی بەیەکێتی و پارتییەوە هەیە.؟؟ ئەگەر یەکێتی و پارتی و تەواوی پەرلەمانتارەکان لەناو بڕگەو مادەکانی یاسای سزادانیشدا یاساکانی دژ بەژنان بگۆڕدرێن و ئەو یاسایانەی لەبریان دادەنرێن کەتەواو پشتگیری ژنان دەکات لەو باوەڕەدام هەتا رەفتارو ئاکارو دابونەرێت و بیرۆکەی ئیسلامییەکان بمێنێ, هەتا هەڕەشەو تۆقین و تیرۆرو شەمشەمەکوێرە بمێنێ هەمیشە شەرەف لەناوگەڵی ژناندا دەمێنێتەوەو

خانم و خاتونەکان بەردەوام سەردەبڕدرێن و نەك حزبێك بەڵکە سەدان و هەزاران حزب گۆڕانکاری بەپڕتاوی نەوعی دروست ناکەن. ئەوە چەند ساڵە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و خانمان و خاتونەکان و ئەم ناوانە لەکوردستاندا هەن, لەساڵی هەشتاکانیشدا یەك ڕێکخراوی ژنانەی بەعسی هەبوو, گەر کەسێك لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بکات زۆر بەئاسانی بۆی دەردەکەوێت ژمارەی ئەو ژنانەی لەم ساڵانەی دواییەدا تیرۆرو ئەتك کراون زۆر زۆر زۆر لەوە زیاترە کەلەهەشتاکاندا هەبوون, یاخود با بەشێوەیەکی تر بەراوردەکە بکەین, لەم ساڵانەدا و لەژێر سێبەری سیاسەتی ئەم حزبانە ئایا ژمارەی چالاکی نەوعی ئەم ڕێکخراوە ژنانییەکان زیاترە یان ژن کوشتن؟؟؟ بێگومان ژن کوشتن. ئەقڵی پیاوسالاری و خاوەن شەرەفەکان چەقۆ لەملی ئافرەتەکان دەسوون کەچی ڕێکخراوە ژنانییەکان ململانێی حزب سالاری دەکەن و ئەو دەسەلاٌتەی پێیاندراوە بەدەستی خۆیان وەك چەپکە گوڵێك دەیبەخشنەوە بەپیاو..!! دوژمن و پیاوکوژەکانی ناو حزب ئاشت بوونەتەوەو دەستیان لەملی یەکتردایە کەچی هێشتا ڕێکخراوە بەناو ڕۆشنبیری و پیشەیی و جەماوەری و دیموکراتییەکان خەبەریان نەبۆتەوەو هەڵتەی حزب سالاریانە..!! ئەمەش ئەو هەڵەیەیە کەئاوێتە بوونی بەناچارییانەی عەلمانییە سەقەتەکەی لای خۆمان و خیتابی ئیسلامییەکانە, چونکە ئەمە خواستی سەرەکی و هیواو ئامانجی ئیسلامگەراکانە. تاچەند کۆمەڵگا پەرتەوازە بێت گەرای ئیسلامی زیاتر دەچێنرێت.. تاچەند حزب بیەوێت بەناوی ئیسلامی ڕاستەقینەوە قسە بکات, خۆی بکات بەدەم ڕاستی ئیسلامی حەقیقی و یەکێتی زانایانم بۆ گەورە بکات و بەئیسلامییەکان بڵێت ئێوە ئیرهابین و ئیسلامی ڕاستەقینە نین دە ئەوەندە دەربار بەم مەسەلەیە خزمەت بەتێزی ئیسلامییەکان دەکات. گەر دەسەلاٌت بیەوێت بەئایەت و حەدیس گفتوگۆ لەگەڵ ئیسلامییەکاندا بکات هەر لەسەرەتاوە دۆراندویەتی.. ئیسلامییەکان بەهێزی شمشێری خوێناوی ئەم مەعمایەیان

خوڵقاندووه, بۆ هەر مەعمایەکیش دەیان دەقی پیرۆزت بۆ ریز دەکات. بۆ نموونە زۆرێك لە عەلمانییەکان چونکە دەقیان نەخوێندووەتەوە دەڵێن سەربڕین لەئیسلامدا نییەو ئیسلام لەو رەفتارەوە دوورە, لەکاتێکدا بۆ سەربڕینو شێوازەکانی سەربڕین چەندین ئایەتی بۆ تەرخان کراوە..! تاخیتابی دەسەڵاتی کوردی موجامەلەی ئیسلامی بکات هەمیشە هێڵە سەرەکییەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبنو جیاکردنەوەیان مەحاڵ دەبێت, ئێستا لەکوردستاندا زۆر بەئاستەم دەتوانین شێوەو شێوازو رەفتارەکانی ئیسلامیی لەحزبەکان جیا بکەینەوە. ئایدۆلۆژیا بۆ خۆی وایەو پێکهاتەی حزب وەك پێکهاتەی ئایینی یەك وێنەی هەیە..!! ئایین لەسەری سەرەوە خواو دوای ئەو قورئانو دوای ئەو پەیامبەرو خەلیفەو صەحابەو ئیماندار دێت, ئایدۆلۆژیاش لەسەرەوە لەجیاتی خوا سەرۆك یان سکرتێری حزبو دوای ئەو لەجیاتی قورئان پەیڕەوو پرۆگرامو دواتر لەجێی پەیامبەرو خەلیفەو صەحابەو ئیماندار دەستەی کارگێڕیو مەکتەبی سیاسیو کادرو ئەندام دێت. لەپێکهاتەدا یەك شێوەن.. بەڵام داواکاریو خاڵی بنەڕەتی لەم رەهەندەدا گرنگ ئەوەیە کارو ئامانج جیاواز بێتو ئەمەش جگە لەتروسکایی شتێکی ئەوتۆ نابینرێت چونکە تائێستا دەسەڵات نەیتوانیوە لەقاڵبی بیرکردنەوەی ئیسلامی دەرچێت.. دەیەوێت بزانێ مەبەستی فلانە پەیامی ئیسلامی چییە, بەڵام ئامادە نییە لەهاواری ئەو گەنجە تێبگات کەلەگوندەکەیدا ئارەقەی شینو مۆری کردووەو قسەی هەیە. ئامادە نیەو تاقەتی نییەو تێناگات لەو فەرمانبەرەی جگە لەکارەکەی خۆی گەلێك باشترو زۆر توانای زیاتری هەیەو دەتوانێ دەوری ئیجابی زیاتر بگێڕێت, بەڵام لەگەڵ ئیسلامییەکاندا موجامەلە دەکاتو گوێیان لێدەگرێت, بەوێنەی مەلاو سەرەك خێڵو باوکسالارەکان ئامادە نییە گوێ لەقریشکەی ژنان بگرێو بزانێ چی دەڵێو بۆچی هاوار دەکاو بۆچی خۆی دەسوتێنێت..! دەسەڵات موجامەلەی ئیرهابییەکان دەکات کەمێژوویان پڕە لەخوێن بەڵام ئامادە نییە گفتوگۆ لەگەڵ فایەق گوڵپیو پارتەکەی بکات کەلەلاپەڕەکانی

ئەم حزبە نوێیە نەك سەربڕین بەڵكو وێنەی یەك چەقۆی تێدا نەكێشراوە, ئەم ئاوێتەبوونە ئەگەرچی سەپاندن‌و ناچاریی كۆمەڵگایە بەڵام دەسەڵات لەبەردەمیدا بێتواناو نەزانە, لەشارەكاندا خۆیان مەڵاس داوەو قەزاو ناحیەو گوندەكانیان لەنەخشەی بیركردنەوەی خۆیاندا سڕیوەتەوەو تەسلیمی ئیسلامییەكانیان كردووە ئەمەش ئەو ئامانجەیە كەئیسلامییەكان ئاوا كەبەئاسانی دەستگیریان بووە خوێنی لەپێناودا دەڕژن.

ماویەتی